الاتحاد العام اللاجئين العراقيين فی بريگانيا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK

# فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەبەرامبەر سیاسەتی گێرانەوەی بەزۆری پەنابەراندا نوینەرانی هۆم ئۆفیس دەخاتە ژێر گوشارەوە

ئەمرۆ لەسەرداوای هۆم ئۆفیس كۆبوونەوەیەك لە گەل نۆینەرانی رێكخراوە عیراقی یەكان و كوردیەكان لەشاری لەندەن ئەنجام درا. مەبەست لەم كۆبوونەوەیە قسەو باس كردن بوو لەسەر پرۆژەی بەناو گیرانەوەی ئارەزوو مەندانەی پەنابەرانی كورد كە ماوەی دوو ساڵە بەدوای رووخانی رژیمی بەعس، حكومەتی بەریتانیا وەك سیاسەتیك لەبەرامبەر پەنابەراندا گرتۆیەتییەبەر.

سەرەتا قسەكەری رەسمی هۆم ئۆفیس، سیاسەتی حكومەتەكەی تونی بلیری لە پەیوەند بە بارودۆخی سیاسی عیراق تاوتۆكرد، پاشان قسەكەری دەزگای كاروباری گەشەپێدانی نیو دەولەتی باسی لە سەرف كردنی چەندین ملیون دولارەكرد كە گوایە لەپێناو ئاوەدان كردنەوەی عیراقدا خەرجیان كردوە، بەدوای ئەویشدا نۆینەری ( (UNHCR پیداگری لەوەكرد كە هیچ پەنابەرێ نابێ بەزۆر بگیردریتەوە بۆ عیراق و عیراق نائەمنە.

پاشان دەرگا كرایەوە بۆ قسەو باس و مداخەلەی بەشداربووان، (نادیە محمود) لەرێكخراوی سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەكانی ژنان، (هۆزان محمود) لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی تەواوی ئەو ئیدعایانەیان بەر پەرچ دایەوە كە نوینەرانی هۆم ئۆفیس لەسەر پرۆسەی دیمكراتی لەعیراقدا باسیان لێوەكرد وئاماژەیان بەوبارودۆخە كرد كە داگیركاری وشەر تیرۆر بەدوای خۆیدا هیناویەتی. باوردۆخێك كەتا ئەوپەری نائەمنە و حكومەتێكی ناشەرعی وداسەپاو، لەسەر ئەساسی دابەش كردنی قەوم عەشیرەتی هیناوەتە ئاراوە وبریاریشە دەستوریكی قەومی فاشی _ ئیسلامی بكریتە پیوانەیەك بۆماف و ئازادییەكانی خەڵكی عیراق.

لەبەشێكی تری قسەكاندا نوینەرانی هۆم ئۆفیس چوونە سەرباسی گیرانەوەی ئارەزوومەندانەی پەنابەران و مەسەلەی یاسای ژمارە 4 ولەمبارەشەوە رایان گەیاند كەهیچ پەنابەرێك بەزۆر نانێرنەوە. . لەبەرامبەر ئەم بەشە لەقسەكانی نوینەرانی هۆم ئۆفیسدا، (سەوسەن سەلیم) بەرپرسی رێكخراوی ژنانی پەنابەرانی كورد لەبەریتانیاو (دەشتی جەمال) بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بەناوی 2000 ئیمزای پەنابەرانی كوردەوە لەبەریتانیا، وهاوكات (ئارام حمەسەعید) بەرپرسی فیدراسیۆن پەنابەرانی عیراقی لەشاری لیستەر، (شەپۆل) بەنۆینەرایەتی پەنابەرانی شاری وەلڤیرهامتن لەم كۆبوونەوەیەدا بەدریژی كەوتنە قسەو هەموو ئەو ئیدعایانەیان بەدرۆخستنەوە كە نوینەرانی هۆم ئۆفیس بۆ تەبیرری سیاسەتی بەزۆرناردنەوە كردیان.

لەم بارەشەوە قسەكان ئاماژەبوون بۆئەوەی كەئەم پرۆژەیەی وەزارەتی ناوخۆ لەبەرامبەر پەنابەراندا، ناتوانێ بەئارزوومەندانە ناوببرێ، بەڵكۆ ئەمە هەوڵێكی ترە لەسیاسەتی دژ ئینسانی حكومەتی بەریتانیا بۆ ناچار كردنی پەنابەران بە هەڵبژاردنی گەرانەوە، ئەوەتا بەپیی ئەم پرۆژەیە كەناونراوە "گەرانەوەی ئارەزوومەندانە" هەرەشەی برینی

خزمەتگوزاری و لێ سەندنەوەی خانووبەرە لەپەنابەران دەكری، ئەگەر پەنابەران فۆرمی ناردنەوە ئیمزا نەکەن، لەکاتی چوون بۆ ئیمزاکردن دەگیرین و راپێچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان دەکرین ولەپال تاوان باراندا رایان دەگرن، لەکاتێکدا ئەم سیاسەتە پێچەوانەیە بە بریار نامەی کۆنفیدراسیۆنی جینفی1951. ئەمە تاونێکی بێ پەردەیە دژ بەهەقی ئینسان و مافی نیشتەجێ بوون، داواکرا دەولەتی بەریتانیا دەبێ دەست بەجێ دەست لەم سیاسەتە هەڵگرێ. . پاشان لەسەر وەزعیتی سیاسی عیراق وکوردستان ئاماژە بەباری نائەمنی و ژن کوشتن و تەقەکردن لەخۆپشاندەرانی کەلارو خۆپشاندانە جەماوەریەکان و (قوتابیان، مامۆستایان، سایەق تەکسییەکان) و گرتنی بەرپرسی فیدراسیۆن و کوشتنی هەڵسوراوانی سیاسی و داخستنی بارەگای ئەحزابی سیاسی چەپ ورێکخراوەکانی ژنان و مندالان و کوشتنی هەڵسوراوانی سیاسی کرا و دەیان بەلگە خرایە روو کە کوردستان ئەمن نییە وبەم جۆرەش سەرنجی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە راکیشرا.
هاوکات لەسەر هەقی پەنابەری داوای دەست بەجێی مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی کوردی عیراقی کرا، وئازاد کردنی گیراوەکان لەگرتووخانەی دەست بەسەرەکان دا، وەبە نۆینەرانی دەولەت راگەیەنرا کەئەگەر دەست لەسیاسەتی دیپۆرتی بەزۆری پەنابەران و لیسەندنەوەی خزمەتگوزارییەکان نەکیشنەوە ئەوا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی رێگای شکایەت و راکیشانە دادگا هۆم ئۆفیس دەگریتە بەر.
سەر ئەنجام لەم کۆبوونەوەیەدا قسەو باسەکانی ئەو رێکخراوانەی ناویان هاتووە نۆینەرانی هۆم ئۆفیسی خستە ژێر فشاری خۆیەوە و ئەوانی ناچار کرد بەوەی کە ئەم هەوالانە وئەم قسانە بەگۆی دەولەتەکەیان بگەیەنن. هاوکات رایان گەیاند هیچ پەنابەرێك بەزۆر نانیرنەوەو لەداهاتووشدا کۆبوونەوەی لەم جۆرە بۆ چارەسەری کیشەکانی پەنابەران سازدەدەن.
ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە جاریکیتر راستی ودروستی لیکدانەوەکانی فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی و خەباتیك بۆ گیرانەوەی مافی پەنابەران دەسەلمینی. ئەوە دەسەلمینی کە فیدراسیۆن تەنها ریکخراوی پەیگیر وتیکۆشەری بزوتنەوەی بەسەرنجام گەیاندنی خواستەکانی پەنابەرانە و سەنگەریکە بۆ ناچارکردنی دەولەت و دەست هەلگرتنی لەسیاسەتە دژی ئینسانییەکانی لەبەرامبەر پەنابەرانی کورد و عیراقیدا. .
ئیمە لەم مەیدانەدا ئامادەین و بەتەواوی توانامانەوە تیدەکۆشین.
سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی پەنابەران

سەرکەوێ خەباتی پەنابەران بۆ بەدەستهینانی مافەئینسانی یە کان
فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بەریتانیا
2005-9-28

---
www. federasion. org